# چارەنوسی کەرکوک نە لە مادەی پەنجاو هەشت و نە لە دەستوردایە

**د.جەبار قادر**

لەم رۆژانەدا پرسی کەرکوک جارێکی تر بۆتە کرۆکی باس و خواسەکان لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمان لە عیراق . کەرکوک پرسێکی هەمیشە ئامادەیە لە ململانێ و بگرە و بەردەکاندا . تەنانەت هەڵتەکاندنی دەوڵەتی عیراقیش باری ئەوەی نەرخسان کە بە شێوەیەکی دادوەرانە ئەم کێشەیە روو لە چارەسەرکردن بکات . مرۆڤ جیاوازییەکی جەوهەری نابینێ لە دید و بۆچونی کاربەدەسەتانی نوێی عیراق لە مەر کەرکوک لە گەڵ دەست و دایەرەکەی سەدام حوسێندا . سەیر لەوەدایە کە دادگای تایبەت بە دادگایی کردنی سەرانی رژێمی بەعس ماوەیەکە ئەوەی ئاشکرا کردووە کە یەکێ لەو تاوانە سەرەکییانەی دراونەتە پاڵ سەدام حوسێن و یاوەرەکانی تاوانی پاکتاوکردنی رەگەزییە . واتا کاربەدەستانی نوێی عیراق بە دڵخوازی بێ یا بە ناچاری ئەو سیاسەتە بە تاوان دادەنێن و ، بە پێویستی دەزانن کەسانی بەرپرس لەو تاوانە دادگایی بکرێن و سزا بدرێن . ئەی چۆنە وا لە گەڵ ئەنجامەکانی ئەو تاونەدا وا بە بێباکی و نامەسئولانە هەڵس و کەوت دەکەن و لە دژی بچوکترین هەنگاون بۆ سرینەوەی شوێنەوارەکانی ؟ .

رەنگبێ وەڵامی جودامان هەبێ بۆ ئەم پرسیارە . وەلاَم تەنها شۆڤێنیزمی عەرەبی ، هەستی سەردەستەیی و بەکەمزانینی ئەوی دی ، چاوچنۆکیی و فراوانخوازی و ناکۆکی مەزەبی نیە ، بەڵکو تا رادەیەکیش لەوەدایە کە زوربەی عەرەبی عیراق و دەرەوەی عیراقیش ، بە هەموو ئەوانەشەوە کە تا دوێنێ ئاویان لە جامی سەری رژێمی سەدامدا دەخواردەوە ، دڵخۆشن بەو ئامانجانەی لە بواری سیاسەتی بەعەرەبکردندا هاتونەتە دی و ئامادە نین وا بەئاسانی دەستیان لێ هەڵگرن . رۆژانە دەیان بەڵگە و هەڵس و کەوت و گوتاری سیاسی عەرەبی لە ئۆقیانۆسەوە تا کەنداو ئەم بۆچونە پشت راست دەکەنەوە . ئەوەی سەیری کەناڵە تەلەفزیۆنیە عەرەبیەکان بکا ، دەبینێ هەموویان لە مەر کەرکوک لە یەک ئاواز دەخوێنن . میوانە هەمیشەییەکانیان چەند عەرەبێکی فاشی و نوێنەرانی بەرەی تورکمانی ، ئێستا یەکێتی ئیسلامی تورکمانیشیان هاتۆتە پاڵ و، جار جارەش هەندێ کوردی خۆ خۆر و خۆپەرست یا بێ ئاگا لە پرس و کێشەکانن .

هەروەها راستیەک هەیە کە لە گوتاری سیاسی کوردیدا پشتگوێ خراوە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەوی دیش سیاسەت دەکا و زۆر جار لە ئێمە باشتری دەکا . با میدیای ئێمەش هەر دەهۆڵی چواردە ساڵ ( ئەزمونی دیموکراتی ) لێبدا و پێی وابێ ئەوی دی ( خەریکی قومارکردنە بە کەرکوکەوە!). جەعفەری کە زانی گوتارە فشەڵ و پر لە پێچ و پەناکەی گران دێتە گوێی خەڵک ، لەیس کوبەی رۆشنبیر و نەیاری هێنا و کردی بە گوتەبێژی حکومەتەکەی.

نە جەعفەری و نە هیچ سیاسەتمەدارێکی تری عەرەبی عیراقی نە ئەورۆ و نە لە دوا رۆژدا زاتی ئەوە ناکا نزیکەی نیو ملیۆن عەرەب لە کەرکوک و دەڤەرەکانی تری کوردستانەوە وا لێ بکا ( تەشریف ببەنەوە ) بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون. زۆر بە کورتی ئێمە باس لە سەدان هەزار خێزان دەکەین . ئەگەر هەر یەکێ لەم خێزانانە دە خزمی هەبێ ، ئەوا دەکەنە چەند ملیۆن کەسێ . کام سیاسەتمەدار ئامادەیە ئەو هەموو جەماوەرە لە خۆی و حیزب و دەسەڵاتەکەی بتۆرێنێ ، بە تایبەتی لە دەمێکدا کە هەڵبژاردن لە بەر دەرگایە ؟ . ئەگەر راگوێزراوانی کوردیشیان بخەینە سەر ئەوا کێشەکە ئەوەندە زەبەلاحە کە لە توانای هیچ حکومەتێکدا نیە لە ژێر ئەو بارە دەرچێ ، چی جای حکومەتێک کە لە زۆنەی کەسکدا گیری خواردوە و بەرپرسەکانی لە ترسی کوشت و بر و فراندندا ناوێرن سەر دەرکەن .

گریمان هەموو ئەم ئەگەرانەش لە ئارادا نەمان ، ئەوا پرۆسەیەکی لەم جۆرە بۆ ئەوەی جێ بە جێ بکرێ پێویستی بە چەندین ملیار دۆلار هەیە . دەوڵەتێک کە داری بە سەر بەردێوە نەماوە و زوربەی خەڵکەکەی ژیانێکی پر لە کۆڵەمەرگی و نەهامەت دەبەنە سەر ، کەی دەتوانێ پرۆسەیەکی وا ئەنجام بدا ، تەنها مەگەر خوداوەند بۆ خۆی بزانێ .

بۆیە ئەو کەسەی پێمان دەڵێ توانای ئەوە لە ئارادایە کە مادەی پەنجاو هەشت جێ بە جێ بکرێ ، یا لە مەسەلەکە ورد نەبۆتەوە ، یا وردبۆتەوە و لێی نەگەیشتوە یا راستمان لەگەڵدا ناکا. حکومەتی جەعفەری تا ئێستا قایل نەبووە لە سەر ئەوەی لیژنەی ئاسایی کردنەوەی باری کەرکوک پێکبێنێ , ئەگەر پێکیشی هێنا لە توانایدا نیە

پارەی پێویستی بۆ دابین بکات . تەنانەت ئەگەر حکومەتی عیراقیش بیەوێ ، کە نایەوێ ، ئەوا لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا ئەوەندە کاربەدەستی دژ بەو پرۆسەیە هەن ، کە دەتوانن سەدان کۆسپ و تەگەرە دروست بکەن لە بەردەم سرینەوەی شوێنەوارەکانی سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزیدا . ئەوە دوو ساڵ زیاترە کورد لە کەرکوک خاوەن دەسەڵات و هێز و پارە و هاوپەیمانە . مخابن کاتێ لە ئەنجامەکان ورد دەبینەوە ، هەناسە سارده خۆمان !.

هەر لە سەرەتای ئاهەنگ گێرانی کوردی کەرکوکەوە بە بۆنەی مادەی پەنجاو هەشتەوە ئەوەم لا روون و ئاشکرا بوو ، کە پرسەکە سەرەخوار کراوەتەوە . واتا لە بەری ئەوەی ئێمە پێ لە سەر ئەوە دابگرین کە کەرکوک و دەڤەرەکانی تر دەبێ بەشێکبن لە هەرێمی کوردستان ، ئێمە هاتووین قسە و باسمان لە سەر ئەوە بووە کام گروپ زۆرینەیە و کامیان کەمینەن . شەرە ژمارە و ئامار و ململانێ لە سەر پلە و پایە کەش و هەوای شار و دەڤەرەکەی بە جۆرێک ژەهراوی کرد ، کە کورد ئەورۆ نەتوانێ لە زۆر گەرەکی کەرکوک و دەڤەری گەرمیاندا بە ئازادی هات و چۆ بکات .

ئێستاش باس باسی دەستورە . پرسی کەرکوک پرسێکی دەستوری نیە . دەستور قانونی بناغەیی وڵاتە و ناچێتە نێو وردەکارییەکانەوە. دەستور باس لە سیستەمی سیاسی و بەرێوەبەرایەتی وڵات دەکا و دەتوانێ و دەبێ عیراق بە وڵاتێکی فیدیرالی پێناسە بکا . لە دەستوردا دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدیرالی و هی هەرێمەکان و میکانیزمی پەیوەندی و چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوانیاندا و گەلێ پرسی دی هەڵبەتە جێگە دەگرن . لێ جۆری فیدیرالی و سنوری هەرێمەکان و بەشی هەرێمەکان لە داهاتی وڵات و گەلێ پرسی تری لەو جۆرە دەبێ لە ئەنجامی رێکەوتنی سیاسیەوە بێنە کایەوە .

کەواتا نەک تەنها کێشەی کەرکوک ، بەڵکو دۆزی کوردی عیراق بە گشتی دەبێ بە رێکەوتنی سیاسی لە نێوان نوێنەرانی کورد و عەرەب چارەسەر بکرێ . ئەم کارە ناکرێ دوای دەستور ئەنجام بدرێ . لە بەر هۆیەکی زۆر سانا ئەویش ئەوەیە کە دەبێ لە دەستوردا رەنگبداتەوە و جێگیر بکرێ .

هەنگاوی یەکەم دەبێ گەرانەوەی چەمچەماڵ ، کفری ، کەلار ، پردێ ، و خورماتو بێ بۆ سەر پارێزگای کەرکوک . ئەو هەنگاوە دەتوانێ پێگەی تەعریب لە کەرکوک و دەروبەری لاواز بکا و بە هەمان ئەندازەش پێگەی کورد بە هێز بکات . لە گەڵ ئەمەشدا پرۆسەی گەرانەوەی دەرکراوانی کورد پێویستی بەوەیە پشتگیری لێ بکرێ و پێداویستییە سەرەکیەکانی راگوێزراوان دابین بکرێن . باوەر ناکەم کەس چاورەوانی ئەوە بێ ، کە حکومەتی عیراق ئەم کارە ئەنجامبدا.

پێموایە زۆر کورد وەکو من گومانیان لەوەدا نەماوە کە ئەمریکا و بە تایبەتی بەریتانیا هەموو هەولێک دەدەن بۆ ئەوەی کەرکوک هیچ نەبێ وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ بمێنێتەوە و نەخرێتە سەر کوردستان. هەبوونی کۆنسولخانەی هەردوو وڵات لە کەرکوکدا و ئامادەبوونی نوێنەرانیان لە هەموو کۆبونەوە ئیداری و سیاسییەکانی شاردا ، هەرچەندە گوایە سەرەوەری گەراوەتەوە بۆ عیراقیەکان ، و هەڵس و کەوتیان لە دژی بەهێزبوونی پێگەی کورد لە کەرکوکدا ، ئیماژگەلێکن ناکرێ مرۆڤ بەهەڵە بیانخوێنێتەوە . هەڵبەتە من لێرەدا باس لە داگرتنی ئاڵا و وێنە و ئەمانە ناکەم ، کە گەمەی زۆر بچوکن لە سیاسەتە گەورەکاندا . نابێ ئەوە بە دوور بزانین کە ئەمریکا و بەریتانیا پەیمانیان بە هەندێ لایەنی نێودەوڵەتی و هەرێمی دابێ کە رێگە نادەن کورد دەست بگرن بە سەر کەرکوکدا.

پرسی کەرکوک لە چوارێیانێکی زۆر ترسناک و چارەنوسسازە و سەرکردایەتی سیاسی کورد بەرپرسیاری یەکەمە لە بەرامبەر گەل و مێژوودا لەم ئەنجامەکەی.

لێرەوە باسی ئاسایی کردنەوەی باری کەرکوک و دوای ئەوەش راپرسی لە سەر چارەنوسی کەرکوک ، فەنتازییاکە هیچی لە سەر سەوز نابێ .